# خانمە هونەرمەندی دەنگخۆش ((چۆپی)) بۆ کورد دەدوێ

چۆپی کێ یە ؟
تەمەنی چۆپی هێشتا سێ ساڵ بوو، رژێمی عێراق لەو پەری هێزیدا بوو، پیاوەکانی رژێم وەکوو رەشەبا بە ناوشاری کەرکوکدا دەهاتن و دەچون خەریکی کوشتن و برین وبەعەرەبکردنی ئەو شارە بوون، بۆیە دایك و بابی چۆپی ژیانیان لەو شارەدا نەما و بە ناچاری رویان کردە شاخ بە نیازی هەندەران، پاش ساڵێك لە هۆڵەند جێگیربوون، بۆیە چۆپی هەر زوو بێ بەش بوو لە سۆزی کەس و کار و نەتەوەکەی،و هەروەها بێ بەش بوو لە یاری گەرەك و فێربونی زمانێکی پاراوی کوردی، بەڵام بە هەوڵ و تەقەلای دایك و بابی توانییان کارێکی وا بکەن کە کوردی لە بیر نەچێتەوە بەڵام بەداخەوە تا ئێستا ناتوانێ کوردی سۆرانی بخوێنێتەوە, ئێستا چۆپی زیاتر لە ١٥ ساڵە لە هۆڵەند ژیان بە سەر دەبات
لە گەڵ دوو برای لە خۆ گچکە تریی, بنار حە□دە ساڵە و رۆژگاریش دە ساڵە.

ژیانی هونەری

هەر لەمنداڵییەوە حەزی لە مۆزیك و گۆرانی بووە لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە چووەتە تیپێکی کۆر لە شاری هایلۆ- لەهۆڵەند، لە گەڵ گروپێکدا گۆرانیان دەگوت و جار بە جارگۆرانی سۆلۆ دەدرا بە ئەو.
پاشان لە قوتابخانە تا ساڵێکییان یەکەمی دەرکردوە بەسەر قوتابخانەکەیدا,لە سێزدە ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی دەنگ و دوو ساڵ دەنگی خوێندوە بۆ ئەوەی بتوانێ بە شێوەیەکی زانستیانە شتێك لەو زانستە فێربێت لەتەمەنی شازدە ساڵیدا چووەتە ئەکادیمیی کوردی لە ئەڵمانییا و لەوێ زیاتر گوێی پر بووە بە گۆرانی و مۆسیقای فۆلکلۆری کوردی هەر لەوێش بە ماموەستا وریا ئەحمەد ئاشنا دەبێ و ئیتر کاروانی هونەری چۆپی بە راستی و بەشێوەیەکی جدی دەست پێ دەکات ئێستا چۆپی خەریکی بەرهەمێکی **CD** ییە بەتەماین لە **2003** دا بکەوێتە بەردەستان.

بەرهەمەکان.

چۆپی تا ئێستا زیاتر لە بیست گۆرانی فۆلکلۆر و لاسایی کردنەوەی تۆمارکردووە لە میدیا تی□ی و دوو گۆرانیش لە کورد سات. لە زۆر ئاهەنگدا بەشداری کردووە .
ئاهەنگی لە ئەڵمان و سوێد و هۆڵەند و ئینگلستان لە گەڵ هونەرمەندانی بەرێز کاك ناسر و مەرزی خانم
و شوان پەروەر و کاك عەدنان کەریم و کاك حەسەن شەریف و کاك نەجمەدینی خولامی و هونەرمەندان شاریبانی کوردی و گوڵستان پەروەر وهونەرمەند فەیزی نەژادی و هونەرمەند عومەرگوندی ئاهەنگی گێراوە ئێستاش هەر بەردەوامە, رۆژنامەی کورد بۆ زیاتر ناساندنی ئەو خانمە هونەرمەندە بە خوێنەران و ئەویندارنی گۆرانی ومۆسیقای کوردی ئەم گفتوگۆییە لە گەڵ هونەرمەند چۆپی سازدا :

◆ - سەرەتای ژیانی هونەریت کەی دەستی پێکردوو؟ وکێ هاندەرت بوو ؟

■- پێم باشە پێش ئەوەی وەڵامی پرسیاری یەکەمتان بدەمەوە پێزانینی خۆم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە دەربڕم و ماندوو نەبونتان بکەم بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزەی کە خستوتانەتە سەر شانی خۆتان بۆ خزمەتی وشە و رۆژنامەگەری کوردی و سڵاو و رێزم بگەیەنم بە خوێنەرانی بەرێزتان.
گەر بڵێم ژیانی هونەرییم لەگەڵ لە دایك بوونمدا دەستی پێ کردووە, رەنگە درۆ نەبێت, بەڵێ بە لاوانەوەی دایکم دەستی پێ کرد, بەو دەنگە خۆشەی گۆشی کردم, ئاخر دایکیشم گۆرانی بێژە و برازای ماموەستا مەحموود تۆفیق شلکە لە سلێمانی کە لەگەڵ ماموەستا حەمە ساڵح دیلاندا چەندەها کاسێتیان هەیە , بەڵام بەداخەوە بە بۆچوونی ئەوان ئەو سەردەمە دەبوایە هەر بۆخۆیان گۆرانییان بگوتایە نەك بۆ رادیۆ, دایکیشم کاتی خۆی هەر گۆرانی بێژ بووە و چەندەها جار لە ئاهەنگەکانی نەورۆزدا ئاهەنگی گێراوە.

◆- تا ئێستا چەند گۆرانیت تۆمار کردووە؟

■- تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ گۆرانیم تۆمار کردووە هەر هەمووی فۆلکلۆرن یا لاسایی کردنەوەی هونەرمەندانی ترن, بەم زوو بەرهەمی خۆشم بە رێگەی **CD** ەوە بڵاودەکەمەوە.

◆- حەز بە چ جۆرە ئاوازو هونراوەیەك دەکەیت بۆ گۆرانیەکانت هۆیەکەش ؟( هۆی هەڵبژاردنی ئەم جۆرە)

■- هەر جۆرە ستایلێك هۆگر و گوێ گری خۆی هەیە, من پێم باشە لە هەموو بوارەکاندا بەردەوام بین و هەوڵی گەشەکردنی بدەین گۆرانکارێکان بە غەرییب نەبینین, چونکە هەموو شت لەگۆڕاندایە و هیچ شتێك لە قالبێکدا و بە بێ گۆڕان نامێنێتەوە ,

◆- لە هونەرمەندانی کورد دەنگی کام هونەرمەند کاری تێکردوویت؟ وکام شێوازی هونەری؟

■- ئینجا تۆ بفەرموو کامیانت بەدڵ نییە, ئەزانی چەند هونەرمەند و دەنگ خۆشمان زۆرە, هەندێ جار ناوی چوار هونەرمەند دەبەم, کەچی دوایی زۆری ترم بیردەکەوێتەوە و لە دڵی خۆمدا پەشیمان دەبمەوە و دەڵێم بریا ناوی ئەوانی کەشم بهێنایە, بەڵام دەتوانم بڵێم لە نێو کەڵە هونەرمەندە نەمرەکانماندا لە شارە دلێرەکەی خۆم کەرکووك ماموەستا عەلی مەردان و لە لەهەولێری شێران ماموەستای شۆرشگێرم تاهیر تۆفیق و لە دهۆکی سەر بەرزیشدا ماموەستا حەسەن جزیری و لە شاری هەڵمەت و قوربانیش ماموەستا حەمە ساڵح دیلان , و گەر باسی شارەکانی کوردستانی گەورە بکەین ئەوە هەر تەواو نابێ باسەکەمان ,هونەرمەندانمان زۆرن و جێگەی شانازین, لە کوردستانی باکورم شاریبانی کوردی و شوان پەروەر و بەیتوجان و دەیەهای کە,خۆ لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش ماموەستا حەسەن زیرەك و ماموەستا ماملێ و چەندەها ماموەستای کە.

◆- گرفتی هونەرمەندانی دوورە وڵات بە رای تۆ چییە؟ و چارەسەرکردنیان چۆن دەبێت؟

■- بڵاو و پەرەوازەین و پەیوەندیمان بە گوێرەی پێویست نییە و گرفتی وەدەس هێنانی بەرهەممان هەییەو رەنگە لای هەندێکمان وابێت کە لە کارەکانماندا زۆر جدی نەبیین, چارەیان چییە؟ ئەگەر ئەو تاقیکردنەوەیەی کوردستانی باشوور بە هەموومانەوە پشتگیری تەواوی لێ بکەین ئەوە ئەو دەسەڵاتە سیاسییە چارەی زۆربەی گرفتەکانمان دەکات لە داهاتوودا.

◆ - بیستومانە کە تا ماوەیەك پێش ئێستا گۆرانیت بە زمانی ئینگلیزی دەبێژ - باسێکی ئەم تجربەیمان بۆ بکە و لەبەرچی وازت هێنا.؟

■- وازم نەهێناوەو هەر بەردەوامم, لەو ماوەیەی دواییدا ٣ گۆرانیم بە زمانی ئینگلیزی تۆمار کردووە لە ستۆدیۆیەکی هۆڵەندی و هەر بە سەر پەرشتی چەند ماموەستا هۆڵەندییەك', جموجۆڵی هونەرییم هەیە بە زمانی بێگانان.

◆ - جیاوازی نیوان هونەری کلاسیکی کوردی و هونەری کلاسیکی بیانی چییە ؟و تێکلاوکردنی هونەری کوردی بە هونەری بیانی چ قازانج و زیان دەبەخشێ ؟

■- لێرە پارچە مۆسیقای وایان هەیە دانانی دەگەرێتەوە بۆ ٣٠٠-٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا و خاوەنەکەشی دیارە و نەچووەتە پاڵ فۆلکلۆر,پێی دەوترێ کلاسیك,زۆر لە هونەرمەندەکانیان تا ئێستاش هەر لە سەر ئەو شێوازە کاردەکەن, رەسەنایەتی تێدایە, بەڵام لای ئێمە مادەی کۆنمان نییە ناوی کلاسییك بێت,هەر هەمووی بەناوی فۆلکلۆرەوە بۆمان ماوەتەوە بە رای من تا حەدێکی زۆر تێکەڵ بووە,هۆکەشی دەگەرێتەوە سەر ئەوەی باپیرانمان نەیانتوانیبوو بوون, بەڵام ئێستا گۆڕا کاتی پرۆگرامان زۆرە و مادەی هونەری چاکمان زۆر کەمە, چەواشە بووین هەندێ جار رەش و سپی , تەرو وشك لە یەك جییا ناکەینەوە, دەبێ چارەیەك بۆ ئەو سەر لێشیواوییە بدۆزرێتەوە, پردێکی هونەری لە نێوان هونەرمەندانی هەندەران و وڵاتدا درووست بکرێت, قوتابخانەی کامکاران پشتگیری بکرێ و چاویان مۆسیقا بنووسنەوە و ئەو هەموو شەر و شۆرەش کەلە کوردستان روویداوە دەورێکی باڵای بینیوە بۆ لە نێو بردنی ئەو کەلوپورە بەنرخەمان, هەر بۆیەش زیاتر لەنزیکە٣٠٠٠ گۆرانی فۆلکلۆرمان هەیە چونکە ئەرشیفی مۆسیقامان نییە, گەلانی درهاوسێمان توانیویانە ئەرشیفی خۆیان بپارێزن.قازانج و سودیان گەر تێکەڵبن? لێرەش مۆسیقاکان کاریگەریان بەسەر یەکەوە هەیە, وەك چۆن موسیقای کوردی کاریگەری لە سەر مۆسیقای گەلانی دەوروبەرمان داناوە, ئاواش ئەوان کاریگەری لە سەر ئێمە دادەنێن شتێکی ئاساییە گەر خواستەکان پاك بن و ئامانجی خراپیان لە دواوە نەبێت, من پێم وایە دەبێ سود لەیەکتر وەرگریین , یەکتر دەوڵەمەند تر بکەین.

◆- چالاکی هونەرمەندانی کورد لە ئاوارەییدا زۆر نزمە بۆچی؟ تۆ چۆن دەیبینی؟

■- ئێمە چەند ساڵێك لەمەو بەر خاوەنی دام و دەزگای مەیدیا نەبووین, نە تەلەفزیۆن و نە ئینتەرنێتمان هەبوو , چەند رادیۆیەکمان لەشاخ هەبوو کە ئەوانیش زیاتر خەریکی کاری سیاسی و ئازادکردنی کوردستان لێ بکرێ و زۆریان کەین, چونکە بە راستی ئێمە قوتابخانەی لەو جۆرەمان پێویستە, ژنان هان بدرێن بۆ نێو هونەر بێن و ئەو تەپۆلکانەی پێشیان تەخت کەین, بڵاو کردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان پارێزراو بێت, چونکە ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە و خەتەرناکە, نەك لەبەر ئەوەی ئەو هونەرموندە زەرەرێکی مادی دەکات نا, بەڵکو لە بەر ئەوەی کە ئێمە بەدەستی خۆمان دەرگا لە روی پێش خستنی هونەرە ساواکەمان دادەخەین.

◆- وادیارە کە خەریکی دەرکردنی سی دی کی تازەیت .. کەی دەکەوێتە بازار و لە چی پێکهاتووە و کێ هاوکاریت دەکات؟

■- ئەم بەرهەمەم ٩ گۆرانی ومقامێك لەخۆ دەگرێت ماموەستای بەرێز وریا ئەحمەد ئەزیەتی بۆ کێشاوە و ئاوازی گۆرانییەکی بۆم داناوە کە شیعری برای بەرێز کاك سەرکەوت رەسولە. کاك ئاکۆ عەزیزی هونەرمەند شیعرێکی کاك مۆفەق محەمەدی بۆ کردوومەتە گۆرانی و ئاوازی بۆم داناوە,هەروەها نوسەر و هونەرمەندی بەرێز کاك دارا مەحموودیش ئاوازی گۆرانییەکی بۆم داناوە کە شیعری شاعیری گەورە و بەرێز ماموەستا کەمال میراودەلییە.
دوو گۆرانی فۆلکلۆری کرمانجی سەرووش لەخۆ دەگرێ کە لە راستیدا پێنج گۆرانیین لەدوو پۆرت پۆریدا.
هەرچی چوار گۆرانییەکەی ترە هونەرمەندی بەرێز و بەتوانا کاك بورهان موفتی زادە ئەزیەتی بۆ کێشاوە, کە ئاوازی چەندەها گۆرانی بۆ هونەرمەندانی بەرێز مەرزی فەریقی و هونەرمەند شەهین تاڵەبانی و هونەرمەند لەیلا فەریقی وهونەرمەند ژاڵە و چەندەها هونەرمەندی تر داناوە.
ئەو زاتە خاوەنی گۆرانی شەش پەپولەکەی هونەرمەند مەرزی فەریقییە کە هەردەم وەکو گورانییەکی زیندوو لە گوێماندا دەمێنێتەوە.
شیعری ئەو گۆرانییانەی کە هونەرمەندی ئاوازدانەر کاك بورهانی موفتی زادە دایناوە بۆ من شیعری (ماموەستا ئاشنا و ماموەستا گۆران و ماموەستا مەدهۆش و ماموەسا بێوەی) ین, نیازمانە بەم زوو بیخەینە بەردەستان.

◆- تو کە خەڵکی شاری کەرکوکی خۆشەویستی بیرهەستت چۆنە کە ئێستا شاری کەرکوك ئازادە و رژێمی بەعس رووخا؟

■- من ١٦ ساڵە ئەو شارەم نەدیوە کە زێدی من و باوکم و باپیرانمە ئەوەی کەبیرم دەکەوێتەوە زۆر کەمە پڕ بە دڵ حەز دەکەم کە بگەرێمەوە و کۆنسێرتێك لەو شارەدا بکەم, بۆ ئاشتی و برایەتی گۆرانی بڵێم, کەئێستا ئێمەی خەڵکی کەرکوك لە هەموو کەس زیاتر پێویستیمان بەو برایەتیەیە.

◆- هۆی کەمی هونەرمەند ئافرەت (گۆرانی بێژی کوردی) لە نیو کۆمەڵگای کوردی چییە؟

■- کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی پیاو سالارییە, نەك هەر لە بواری هونەردا بگرە لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا, بەراستی دەبێ کاری بۆ بکەین ئەو واقیعە تاڵە بگۆرین, ئەوەش گرنگە, کە دەبێ هێندە پێ هەڵگرین کە زۆربەی ژنانی کۆمەڵ بتوانن فریای هەنگاوەکانمان بکەون.

◆- کۆمەڵگای کوردی لەدەرەوەی وڵات بە رای تۆ چی بکات بۆ پەرەپێدانی هونەرو زمانەکەی؟

■- چاکترین رێگە کردنەوەی مەڵبەند وماڵی کوردە لە ئەورووپا ئەو کاتە پەیوەندی و پاراستنی کەلتورەکەمان ئاسانتر دەبێ و لە سەر خەرجی ئەو وڵاتە ئورووپیانەش دەبێ,خۆشبەختانە لەو ساڵانەی دواییدا کاری چاکی بۆ کراوەو دەبێ ماندوێتی ئەو کۆڵنەدەرانەش لەبیر نەکەین.

◆- لەم بارو دۆخەی ئێستای کوردستان ئەرکی سەرشانی هونەرمەندان چییە؟

■- زۆرە ئێکجار زۆرە, دەبێت هونەرمەندی کورد شەونخونی بکات , لە چی رویەکەوە دەیگری وێرانەیەو خۆ هەڵکردنی پێویستە.

◆- وەکو ئافرەتێکی کورد پێت وایە کە ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا دەچەوسێتەوە؟ ئایا هەست بەو نایەکسانی و چەوسانەوە دەکەی؟ گەر ئا چۆن؟

■- من بەش بە حاڵی خۆم کەم تر هەستم پێکردووە , چونکە لێرە گەورە بووم, بەڵام کاتێك کە گەرامەوە کوردستان ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبینی.

◆- چی دەڵێت گەر بانگهێشتەی وڵاتی ئوسترالیا بکرێت بۆ گێرانی چەند ئاهەنگێك؟

■- ئێستا بانگهێشت کراوم بۆ کەنەدا, گەر بۆ ئوستورالیاش بانگهێشت بکرێم ئەوە بێگومان پێشوازی لێ دەکەم .
بەکورتی وڵامی ئەم پرسیارانە :
* خۆشەوسترین مرۆڤ لە لات ؟
■- دەترسم باوکم لێ عاجز بێت!!!!!
* شیرینترین یادگاری ؟
■- گەرانەوەم بۆ کوردستان لە ماوەی رابردودا.
* گەورەترین ئاوات؟
■-رزگاری پارچەکانی تری کوردستان و گەر بکرێ بەیەکەوە گرێدانییان.
* دوورترین خەون؟
■- زۆرترین خزمەت بە هونەری کوردی بکەم.
لەکۆتاییدا ماندوو نەبن و دەستان خۆش .



